## بەسەرکردنەوەی یاری زانی کورد لە هەندەران چاوپێکەوتنێك لە گەڵ یاری زانی لاوی بە ناو بانگ و باوەڕپێکراو لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بوار تایەر کەریم


بوار کەریم و یاری زانی بە ناوبانگی سوید و جیهان زلاتان ئیبراهموڤیچ

کە ناسراوە بە کەریم چونکە لە ئەوروپا دا مرۆڤ بە ناوی باپیری بانگ دەکرێن وەیان زیاتر رۆژنامەکانی سوید و ئەوروپا بە بوار کەریم دەیناسن. چونکە یەکەم لاوی کوردو سوید بووکە لە تەمەنی 15 ساڵیدا یانەیەکی هۆڵەندی پلەی نایاب کە ناوی یانەی فینۆرد بوو کڕی بە پارەیەکی باش. بوار لە شاری سولەیمانی لە گەڕەکی رزگاری لە دایك بووە لە ساڵی 1984. لە ساڵی 1988 لە سوید نیشتەجێ بون تاوەکو ئێستا، لە تەمەنی 8 ساڵیدا دەستی کرد بەیاری تۆپی پێ یەکەم یانە کە مەشقیتێدا کرد یانەی (کولەدال) بوو پاشان ڕوی کردە یانەی (مالمۆ ئێف ئێف) لەوی مایەوە تاوەکو فرۆشتیان بە یانەی فینۆرد، لە ساڵەکانی 1995 بە دواوە بوار ووردە وردە ڕاهێنەر هەستی دەکرد کەوا ئەم یاری زانە دوا ڕۆژی زۆر رونە، واتە دەرکەوتبوو لە یاریەکاندا کەوا لە زۆربەی یاریەکاندا بەباشترین یاری زانی دادەنرا چونکە هێرش بەرێکی زۆر بە هەڵپەو گۆڵکەر بوو، ئەو شتانەی کە لەیاریدا دەیکرد جێگای سەر سوڕمێنەری بینەربوو چونکە ئەو تەکنیکو تەکتیکەی ئەو دەی کرد تەنها یاری زانە بە تواناکانی پلە نایەبەکان دەیانکرد،بوار لە تەمەنی 15 ساڵیدا هەڵبژاردەی سوید بوو لە تەمەنی خۆیدا، لە تەمەنی 18 ساڵی دا جارێکی تر هەڵیان بژارد بۆ هەڵبژاردەی لاوانی سوید، زیاتر لە 40 یاری کردووە لە ناوەوەو دەرەوەی سوید زۆرترین گۆڵیشی تۆمار کردووە لەو ماوەیەی کە یاری بۆ کردوون، خولێکی تەمەن 16 ساڵەکان کرایەوە لە سوید سەران سەری ووڵاتەکانی ئەوروپا بەشداریان تێدا کرد کەوا بوار بە باشترین یاری زانی خولەکە دەرچوو باشترین خەڵاتیان پێشکەش کرد. بوار لە یاریەکدا ئەژنۆی توشی کۆرس باند بوو (کارتلیچ) ماوەیەکی زۆر بە هۆی ئازارەوە دور کەوتەوە لە یاریگا، پاش چاك بوونەوەی جارێکی تر دەسی کردەوە بە مەشق کردن کە وا شەو ڕۆژ لە یاریگا دا کەوتبوو ڕۆژی دوو جار مەشقی دەکرد تا وای لە خۆی کردەوە یانەکانی ئەوروپا بانگ کێشی بکەن بۆ یاری کردن لە یانەکانی ئەوروپادا، ئەم جارەش یانەیەکی هۆڵەندی کڕیویەتی بە ناوی یانەی کامپوور کەوا ئێستا یاری زانی سەرەکی یانەکەیە داشیان ناوە بە یاری زانێکی هێرش بەری زۆر باشچونکە زۆر لە سەر کەوتنی یانەکە لە یاریەکاندا لە ڕێگای بوارەوە بوو. لە کۆتایدا هیوای پێشکەوتن و تەمەن درێژی بۆ دەخوازین هیوادارین زۆربەی لاوەکانی کورد بگەنە ئاستی زۆر باش کە بتوانن یاری بکەن لە خولەکانی سەران سەری ئەوروپا دا، دڵخۆشکەرو شانازیە بۆ هەموو کوردێك کەوا بگەنە ئاستی زۆر بەرز، داواکارین لەو خێزانانەی کەوا لە هەندەرانن هانی منداڵەکانین بدەن بۆ وەرزش و هونەر و خوێندن تاوەك و سەری خۆیی و خانەوادەو نیشتمانەکەی بەرز کاتەوە لە ئاستی دونیادا.

ئەنوەر خەراجیانی یاری زانی هەڵبژاردەی سولەیمانی كۆن

0046 040 948904 0046 736238127 بە خۆشحاڵیەوە ئەو كەسەی دەیەوێت پەیوەندیم پێوەبكات دەتوانن بەو ژمارانەی سەرەوە پەیوەندیم لە گەڵدا ببەستن بۆ خزمەتكردنی وەرزش كارە دێرنەكان و لاوەكان لە هەرشوێنێكی دونیا بن. زۆر سوپاسی ئەم سایتە كوردیانە دەكەین كە وا بواریان داوینێ بۆ بڵاوكردەوەی خزمەتی وەرزش كاری كورد




تیپی هەڵبژاردەی سوید تەمەن 18 ساڵ. ژمارە 17 بوار كەریم یەكەم كەس دانیشتوەكان لای دەستی ڕاست